# شیعرێک بۆ چەقۆکانی دەسەڵات . (دەسەڵات) . . . !!. م. حەمید عەزیز



دەسەڵات. . ئای. . دەسەڵات
ڕق و کینەو زیندان و زوڵوم و سێدارە بۆ خەڵات. . !
زیندان یان دنیایەک لەتاریکی و جەورو ستەم
یان کوشتنی هەناسە ئازادەکانی بوون.
ئای دەسەڵات. . جیهانێک لەئاخەکانی دوێنێت کرد بە قەقنەسی ئەمڕۆ
دڵە جوانەکانی ژیانت کرد بە سووتو.
هەڵتان پچڕی گووڵ و چرۆ و باخی ووڵات. . !
نەماجوانی وەک بەهەشت بوو شارو دێهات.
. . .
دەسەڵات. . ئای. . دەسەڵات
دەسەڵات یان مەملەکەتی ترس و دڵە ڕاوکێ
یان کوشتنی حەزو ئەوین
یان ئازاری ڕۆح لەتەنیایی و مردنێکی بە دەردو خەم و پڕ لەئەسرین
یان بوون بەخوا لەبێباکی و سوتانی ڕۆح لە جەستەمان
یان خەڵتانی خوێنە نیشتمان
یان ڕزگاری یان بۆ سەربرینە سەرمان
بۆ دەرهێنانە چاومان
بۆ برینە زمان و گوێ. . !
گەر نەژین بەیەکسانی گشتمان.
. . .
دەسەڵات. . ئای. . دەسەڵات
ئەی ئەوکەشتی یە پڕ لەترسەی زیندان
ئەی ئەو تفەنگە بێ سۆزەی دنیای داگیرکردن و دڕندە یی
ئەی ئەو هێزە بێ هەستەی دوور لەئاسمانی جوانی و بەرائەت
زیندان یان بکوژی خەیاڵە جوانەکانی ئازادی
یان سەربڕینی هەناسە پاکەکانی دنیای گوڵ
ئەی ماڵە کپکراوەکەی زیندان ئەی دنیای تەم و پڕ لەگوناح
زیندان یان حاڵی نەبوونی ساتە جوانەکانی مرۆڤ
یان سەقەت بوون لەکێڵگەی هەناسە ڕەشەکانی (عاتوفا)
لەبوونی من لەبوونی مرۆڤ لە درەخت لەگیا
. . .
دەسەڵات. . ئای. . دەسەڵات
من هەر مردنێ قەرزارم

کەچی بەناوی یا اللە وە دەمكوژی
وەک و قەرزاری تۆبم ئەی سوفیان
بەرەو قیبلە سەرم دەبڕی و شایەتمانیشم پێدێنی
هەموو شتێ لەتۆی داگیرکەر هەبوونە
تەنها دنیای هەستەکان نەبێ
خۆت نابینی و تاریک ئەژیت
کەچی چاوەکانی ژیان هەڵدەکۆڵی
دەمت نی یە تەنها دنیای جنێو نەبێ
دەمەکانی ژێی ئازادی دەدوری یەوە
تۆ بێ دڵی و بێ بەزەیی ئەی (عاتوفا) 0
دڵە ژیکەڵە وگەورەکانی گوڵ دەوەرێنی
خۆت غەرقی دەریای دواکەوتنی
نان و ئازادی کەلەپچە ئەکەی
ئەی زیندانە سەرسەختەکەی شۆڤێنی یەت
ئەی کەلە پوتەکەی فیکری تاریک
...
دەسەڵات.. ئای.. دەسەڵات
ڕقی پیرۆزی ئەمڕۆ، ئەستورترە سبەینێ
تۆ چەند دنیای تنوک بیت
تۆ چەند دنیای کونەپەپوی ترس و شوم بیت
دێتەگۆڕێ فیکری نوێ.. ڕۆژی نوێ
بەیەک دەنگ هاوار ئەکەین بژی نەتەوەو نیشتمان
بڕوخێ دیواری هەناسەی چەپەڵ
بژی ئازادی و دڵە جوانەکانی ژیان.

(عاتوفا).. وێژەیەکە خۆم دروستم کردوە مەبەست لە دەسەڵاتی داگیرکەرو شۆڤێنیستی چوار دەسەڵاتە داگیرکەرەکەیە.. عارەب، تورک، فارس.

M_Hamidaziz@hotmail. com